چیرۆکی

# فریَ یەعنی فریشتە

سەحەر ڕەسایی

فریَ تۆ کەوتیتە دوای تامی هەنار و من کەوتمە دوای ڕەنگ و ماناکەی. ئاه دەنگی زکری دەروێشەکان, نایەڵن گوێم لە هەناسەکانت بیَ.جاران باش هەناسەکانم ئەناسیتەوە، بەڵام ئێستا؛ خەتای دەنگی دەفەکانە. لەبیرتە فریَ وتمان داکەوە بەلای مناڵەکانتەوە, خۆشت نازانی چەند بە ویقارەوە توتنەکەت پێچایەوەو سەرت هینایە پێشەوەو ووتت (دەنگی زکری دەروێشەکان و لوورەی سەگەکان و هەناسە ڕەشەکانی عەبە لە کاتی جوتبوندا خەریکە دەمکوژێت, لێم گەڕێن). کاتیَ سەیری بریقەی چاوەکانم کردی زانیم ئەکەویتە دوای خولیاکانت. لەو ڕۆژەوە کە بۆ یەکەم جارلەو ژێر زەمینەدا تۆم بینی فریَ, کە پربوو لە کاکڵەگوێز، پربوو لە ڕەنگ, پربوو لە نهێنی و بنی هەر بەردێکی هەزار یادگاروو نامەی تۆی تیابوو, ئەمزانی ئەکەویتە شوێن تامی هەنار . بە ڕیز دائەنیشتین و گوێزمان پاك ئەکرد, دایکت هەموو شەویَ لە بەشەکەی خۆمان گوێزیکی لی ئەبڕین. جوان لەبیرمە تازە مەمکت کردبوو, تۆ تاکە کچێك بوویت نە شەرمت لە ڕووانینی مەمکت ئەکردوو نە لە سووری دەرپێکەت. تۆ هەمیشە بی ترس لە سەمین لیوت سوور بوو, سوور وەك ڕەنگی هەنار, دڵت بە هەموو شتیَ خۆشبوو, خۆش وەك تامی هەنار.

گۆرانی وتن و قاقای پیکەنینت, بریقەی چاوە پڕ لە کلەکانت؛ ئاه کە بیر لە چاوەکانت ئەکەمەوە, وەك تۆم بەسەردیَ کاتیَ لەگەڵ عەبە ئەخەوتی و لورەی سەگ و دەنگی دەف پڕیان ئەکردی لە تەنیایی و مەرگ. ئەم چاوە زەردانەو ڕەشی ئەو چاوانە لە کویَ, بلّقی ئەم مەمکانە و ناسکی ئەو مەمکانە لەکویَ. خۆزگە جارێکی تریش ئەو گوێزانەت ئەدایەوە دەستمان کە دایکت لێی ئەبڕین. جارێکی تریش بە دزی دایکت و سەمینەوە گەنمەکانت دەگۆڕییەوە بە هەنار. ئەو ڕۆژەت لەبیرە کە سەمین جامە گەنمەکەی بینی؟ وەی وەی چی پیَ کردی, قیژاندی (تازە گەورەبووی, ژن و نەوسیان نەوتووە, تۆ عاقیبەت قەحبەیەکت لیَ دەرئەچیَ خۆم ئەزانم، قەحبەی چاوباشقاڵ). بەیانی دیسان داوێنت پڕکرد لە گەنم و

گوڕیتەوە بە هەنار. ئاە ئەمە کەی ئەو دەستانەن کە جگەرەت پێ ئەپێچایەوە کەی. بۆنی ئەم ئەلکهولە ئەمباتەوە بو تامی ترشی هەڵوژەکانی باخەکەی کەرە, چەند چڕبوو سێبەری دارگوێزەکان، چەند ساردبوو مەلەی ناو هەسێڵەکە. تەنیا تۆ بەڕووتی مەلەت ئەکرد, فرێ تۆ بوویت بە دایك و پڕبوویت لە نهێنی ژان و تەڕی شیری مەمکەکانت و منالەکەت، زۆرتر بۆنی ساوایەتیت لێ ئەهات.

عەبەی داماو هەمیشە غەمگین بوو, ئەیزانی تۆ لە تاو تامی هەنار و خولییای ژنێتی خۆت لەبیری ئەکەیت, فرێ تۆ هەموو پیاوەکانت لەبیر کرد ئەگینا ئاوات نەئەکرد. تۆ منالییەکانت لەناو ژێرزەمینەکەی مالی باوکتدا لەبەینی گوێزەکاندا بەجێهێشت، ئەگینا دەستەکانت ئاوایان بەسەر نەئەهات. فرێ چۆن بوو توانیت تەڕی شیری مەمکەکانت لەیادکەی, بیرتە کە مەمکەکانت ئەجولا شیرت بە منالەکەت نەئەدا تا جوان ئەخوسایت و شیر بە لاڕانتا ئەهاتەخوارەوە, تا دیسان گوناهەکانت وەك کالبوونەوەی نارنجێتی لێوت کال ئەبونەوە، دلت وەك زەمیلەی هەنارفرۆشەکە خالی ئەبۆوە, خالی لە لوورەی  سەگ و  زکری دەروێش و هەناسەکانی عەبە, خالی لە قیژەی سەمین, تا وات لێ ئەهات بۆنی منداڵێکی بۆدرە کراوت لێ ئەهات. هەر لە ژێرزەمینەکەدا پێم نەووتی (تۆ لەو ژنانەیت گەر منالەکەت لە سووتوە جگەری پیاوەکان خالی بێ, تووشی سەرئێشە ئەبیت و ئیتر تاماویت تامی هیچ هەنارێ ناکەیت)، سەیری قژت ئەکەم, تۆ هەمیشە ئەتووت بە قژی درێژەوە چێژ لە خەوتن نابینم, لەو ڕۆژەوە کە قژت دریژکردەوە زانیم ئاوات بەسەردێ, زانیم بەتەمای بڕۆیتەوەو بە ڕووتی تائەبەد لە هەسێڵەکەی باخەکەی کەرەدا مەلەبکەیت, تاهەموو ئەو پیاوانەی کە خۆشیان ئەویستی ئەوەندە جگەرە ئەکیشن، تا لە دووکەلی جگەرەکانیاندا ئەخنکێن و وەك هەنار ئەکەونە سەر هەسێڵەکە, ئەوکاتە تۆ هەموو شتەکان دادوەرانە بەش ئەکەیت.ئەوە برینێکی تر تەقی فرێ, ئەم ئاوە زەرد و فرمیسکە گەشانەت کەی لەیەك ئەچن؟ ژوورەکە تابێت بۆنی ناخۆشترئەبێت؛ بەدەست خۆم نیە, هەموو ناشیرینەکانی ئیستا ئەمبەنەوە بۆ جوانییەکانی ڕابردووت. بۆنی ڕێحانەی لەچکە ناسکەکانت و بۆگەنی ئەم برینانە لەکوێ, قنجی مەمکەکانی ئەوساو برینی ئەم مەمکانە لەکوێ, نارنجێتی ئەو لێوانەو ڕەشی ئەم لێوانە لەکوێ, دادوەری ئەو داستانەو زالمی  ئەم داستانە لە کوێ, میهرەبانی و مەعصومییەتی ئەو دلەو تووڕەیی و ناپاکی ئەم دلە لە کوێ, ئا ئا, ناپاك, ناپاك وەك زەمیلەی هەنار فرۆشەکە, ئەو ڕۆژانەی کە هەنارەکانی لە باخی بێوەژنە بێ خولیاکان ئەدزی, کە غەدری لێ ئەکردی و

گەنمی زۆری لی ئەسەندی و هەناریکی تەپیوی ئەدایتێ، ناپاك وەك ئەو پیاوانەی مەعصومانە ئەچوویتە باوەشیان و ناپاك ماچیان ئەکردی, فرێ ناپاك وەك بۆگەنی شەهوەتی پیاویکی ناشیرین.

دەنگی دەفەکە تابێت زۆرتر دێتە گوێم, لوورەی سەگەکان تابێت زیاتر لەرزم لی دێنن, بیستنی هەناسە ڕەشەکانی کاتی جووتبوون زیاتر پڕم ئەکات لە قورسی و بێدەنگی مەرگ.بۆ واتکرد بۆ, بەڵێنت دا خیانەت لە تامی هەنارو قژی کورت و نارنجێتی ڕەنگی گوێز و تەڕوبڕیی شیربکەیت.بۆ خیانەتت لە پیاوە هەنارفرۆشەکانی دنیا کرد.بۆ وەڵام نادەیتەوەو دیفاع لە دەستەکانت ناکەیت و ناڵێیت دەستی تۆ و دەستی کابرای هەنارفرۆش لەیەکناچن, بۆنی ڕیحانەکانی تۆ و بۆگەنی شەهوەتی پیاوە ناشیرینەکانی لەیەك ناچن, ئاوی هەسێڵەکەی باخەکەی کەڕە و ئاوی ئەم برینانە لە یەکناچن, ئەو شقارتانەی کە دات ئەگیرساند و ماڵەکەت پێ پڕئەکرد لە ڕووناکی مۆمە بەنەوشەکان و گەرمای ژیان و ئەم شقارتە مەرگاوییە لەیەك ناچن, ئەو تەختی خەوە کە هەر بستێکی پڕبوو لە یادوەری جوان و ئەم تەختە پڕ لەوێرانەییە لەیەك ناچن، بۆ شتێ ناڵێیت و بۆ زووتر ناڕۆیت و خۆت فڕێ نادەیتە هەسێڵی باخەکەی کەڕەوە، تا لەژێر دارگویزیك دا بۆ ئەبەد حەکایەتی پر لە گوناه و خیانەتی پیاوەکان بۆ ماسییەکان بگێڕیتەوە, حەکایەتی غەدرەکانی دایکت و بردنی هەرشەوەی گوێزیك لە ئێمە, حەکایەتی یەکەم ڕۆژی گۆڕینەوەی گەنم بە هەنارو تامی موقەدەسی هەنار, حەکایەتی خەڵەتاندنی کابرای هەنارفرۆش و جوانی زەمیلەکەی, حەکایەتی ماچە نەرموو نیانەکانی خۆت و زبری سمیڵی پیاوەکان, حەکایەتی جێهیشتنی عەبەو هەناسە ڕەشەکانی و دەنگی دەف و لوورەی سەگ, حەکایەتی نامەکانی تۆ لە درزی ژێرزەمینەکەدا, حەکایەتی بینینی یەکەم خوێن, یەکەم ماچ، یەکەم شەق, یەکەم شقارتە، منالێ، یەکەم مەلە و یەکەم جامی سارێژ لە گەنم.

دیسان لوورەی سەگەکان و دەنگی دەفەکان و زکری دەرویشەکانی سەر نژمار، دیسان چاوی حەپەساوی من و برینە نائارامەکانی تۆ، مەمکت لەبری شیر خوێناوی لێ دێتەدەرەوە.

دکتۆرەکە دێت.وامبیست کە گوایە دەمێکە مردووی. ئای سەگەکان پەلامارم ئەدەن و وەك ئەوان ئەلوورێنم, نازانم ئەگریم یان نا, بەڵام باش ئەزانم کە ئەڵێی لە سەهۆڵبەندانێکدا بەڕووتی خۆم کردووە بە هەسێڵی باخەکەی کەڕەدا, باش ئەزانم هەموو لەشم برینارە,

بریناری جێ دیانی سەگەکان, هەناسەم سوارە وەك شەوانی جووت بوونت لەگەڵ عەبەدا, حاڵم لیهاتووە و رۆحم پڕە لە زریزەی دەف.
ئەیانەویت بتشۆن, دوای چی کەوتوون؟ چی ئەشۆن ئەیانەویت داتپۆشن, سەیرە, ناتناسن و نازانن جلی دنیات لەبەرکەن هەر ڕووتی, ڕووت وەك ئەو منالآنەی لە داوێنت ئەکەوتنە خوار و پڕبوون لە تازەیی و ترپەی دڵیان ڕۆژەرێیەك ئەڕۆیشت. تۆ کەی هەرگیز بە جلەوە مەلەت کردووە, نایەڵم ئەڵێم ئەبێ بەڕووتی هەڵیدەینە هەسێڵەکەوە، پێم پێ ئەکەنن. فرێ ئەمانە کێن؟ ئەمانە لە نەژادی پیاوە سمیڵ زبرەکانی دنیان و من و تۆش نەرم وەك و لێو, ڕووناك وەك ئاو, سپی وەك شیری مەمك, سوور وەك هەنار, بۆنخۆش وەك گەڵای گوێز.بیرتە ئەتووت؛هەرپیاوێك ماچ ئەکەم, ئەڵێ ئەزانی تۆ یەکەم ئافرەتیت کە بۆنی دەمت تامی گەڵای گوێزی تەڕ ئەدات, نازانم بۆ عەبە هەرگیز بەم نهێنییەی نەزانی، ئاه فرێ شەرمم ئەکرد بڵێم وایان بەمنیش وتووە.
با سەمین هەربڵێ بە مردوویش قەحبەیت, لێیان گەڕێ با دەنگیان لە لوورەی سەگ بچێ, گوێی من و تۆ پڕە لە مۆسیقای ڕەهایی.دکتۆرەکە ئەڵێ؛ئەبێ بە پارە بیبەنەوە؛ ئاه لەم بەدبەختییە فرێ مەرگیش بە پارەیە, من و تۆ هەرگیز ئارام نابینەوەو مەرگیش پێمان ناوێرێت, من و تۆ ئاوین, هەر ئەڕۆین. سێ ڕۆژە مەیتەکەت لێرەیەو پارەنییە؛سەمین هەڵ ئەسێت و دائەنیشێ.؛ئەڵێ قەحبە لەکوێم بوو؛.هەموو باخەکەی کەڕەش بفرۆشن, بەشی ئەوە ناکا تۆ لەم مەیتخانەیە ببەمە دەرەوە.
بەڵام من هەر ئەتبەم و ئەتخەمە هەسێڵەکەوە, لەوێش نائارام, تا ئەبەد حەکایەتی یەکەم ئۆرگازم, یەکەم پیاو یەکەم عەشق, یەکەم سووراو, یەکەم نامە، یەکەم ڕووتبوونەوە لە بەردەم ئاوینەدا, بیستنی یەکەم قەحبە، حەکایەتی جێهێشتنی پیاوەکان و ئاخرین خەمێ کە وای بەسەرهێنای, حەکایەتی ئاخرین ویەکەمین خیانەتێ کە دڵ و دەستت لێیان کردی, حەکایەتی ئاخرین شقارتەیەك کە کردیتیت بە زوخاڵ, حەکایەتی ئاخرین هەناسە و ئاخرین ڕووانین, حەکایەتی بینینی یەکەم تەپڵەکە جگەرەی خاڵی و یەکەم تەنیایی ماڵەکەت, حەکایەتی ئەو هەنارانەی تامیان نەبوو, حەکایەتی لەبیرکردنی پیاوەکان و سوتانی دڵت.دەی فرێ ئەمەش هەسێڵەکەو سیبەری چڕی دارگوێزەکان, دەی وەك پەرییەکی دەریا ببە بە دایکی ماسییەکان و  نائارام حەکایەتی خوێن و پیاو و مەرگ بۆ ماسییەکان بگێڕەرەوە, فریشتە.